# سینۆهە چییەو نووسەرەکەی کێیە؟

د. ناسیح قەرەداغی

رەنگە ئەم ناونیشانە وەك شتێکی سەیر بێتە بەر چاوی خوێنەری کورد، چونکە ماوەیەکە دوو وەرگێڕانی (سینۆهە: پزیشکی تایبەتی فیرعەون) لەبازاڕدایە و گەلێك کەس خوێندوویانەتەوە. بەڵام ئەوەی وای لەمن کرد ئەم بابەتە بنووسم ئەوەبوو تێبینیم کردووە زۆرێك لە خوێنەران ئەم کتێبە وەك دەقێکی مێژوویی کۆن سەیردەکەن و وادەزانن لەسەردەمی فیرعەونەکاندا نووسراوەتەوە. لەراستیشدا تەنانەت یەکێك لە وەرگێڕەکانیش پێدەچێ هەر وابیربکاتەوە، ئەوەتا لە پێشەکییەکەیدا دەڵێ: (باس لە سەرگوزەشتەو بیرەوەریەکانی سینۆهەیە کە بە زمانێکی شیرین و کارتێکەر باس لە رووداوەکانی سەردەمی خۆی... دەکات.... لەگەل ئەوەشدا کە ٣٣٥٠ ساڵ لەمەوبەر سینۆهە ئەم یاداشتانەی نووسیوەتەوە بەڵام..) بەڵام ئایا بەراستی کتێبی سینۆهە چییە و نووسەرەکەی کێیە؟

## سینۆهەی میسری

(سینۆهەی میسری) ناوی ئەسڵیی بەناوبانگترین رۆمانی نووسەری فنلەندایی (میکا والتاری)یە کە ساڵی ١٩٤٥ بە زمانی فنلەندایی چاپ کراوە و لە ساڵی ١٩٤٩ دا تەرجەمە ئینگلیزییەکەی لە ژێر ناوی (کابرای میسری The Egyptian)دا بەچاپ گەیشتووە. دەرهێنەری هۆلیوود مایکڵ کوریتز لە ساڵی ١٩٥٤ دا ئەم رۆمانەی کردووە بە فیلم هەر بەناوی (کابرای میسری). ئەم کتێبە لە ساڵی ١٩٥٥ دا لایەن حەمەد ئەلقەسبی تەرجەمەی عەرەبی کراوە و خاوەنبیری بەناوبانگی میسری تەها حوسێن (١٨٨٩-١٩٧٣) پێشەکیی بۆ نووسیوە و پیایدا هەڵداوە. دوای ئەو ساڵانەش رۆمانی سینۆهە بە زۆربەی زمانەکانی جیهان چاپ کراوە.

سینۆهەی میسری سەرکەوتووترین رۆمانی مێژوویی والتاریی بووە و باس لە مێژووی میسری کۆن دەکات لە سەردەمی بەرەی هەژدەیەمی فیرعەونەکاندا و بەتایبەتیش سەردەمی ئەخناتوون کە هەندێ کەس لایان وایە یەکەم فەرمانرەوای جیهان بووە کە باوەری بە یەك خوایەتی هەبووە. پاڵەوانی ئەم رۆمانە کاراکتەرێکی خەیاڵییە کە پزیشکی دەربارە و پاش نەمانی ئەخناتوون دەربار بەجێ دەهێڵێ و لە کەنارەکانی دەریای سوور جێگیر دەبێ و بیرەوەرییەکانی خۆی دەنووسێتەوە. رۆمانەکە باس لە ژیان و گەشت و گەرانی سینۆهە دەکات لە میسر و سوریا و بابل و ناوچەکانی دەوروبەری. جگە لە ئەخناتوون، کاراکتەرە گرنگەکانی رۆمانەکە بریتین نەفەرتیتی ژنی ئەخناتوون و فیرعەون ئەمینهۆتێپ ٣ و ژنەکەی و توتعەنخاموون و هۆرمهێب. والتاری ناوی سینۆهەی لە ئەفسانەیەکی میسرییەوە وەرگرتووە بەناوی (بەسەرهاتی سینۆهە) کە دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی بەرەی ١٢ی فیرعەونەکان واتە زۆر پێش سەردەمی ئەخناتوون. ئەم ئەفسانەیە سەرگوزشتەی کەسێکە بە ناوی سینۆهە، کە لەگۆرەکەیدا دێتە قسەو باسی پیلانی کوشتنی یەکێك لە فیرعەونەکان دەگێرێتەوە. نەجیب مەحفوزیش ئیلهامی لەم ئەفسانەیەوە وەرگرتووە لە ساڵی ١٩٤١ دا چیرۆکێکی بەناوی (گەرانەوەی سینۆهە)وە بڵاوکردۆتەوە. گەرچی واڵتاری وەك هەموو رۆماننووسێك، جڵەوەی بۆ خەیاڵی شل کردووەو رووداوەکانی ئەو سەردەمەی بە ئەندێشەو سەلیقەی خۆی رازاندۆتەوە، بەڵام پێش نوسینی رۆمانەکە لیکۆڵینەوەی باشی سەبارەت بەو سەردەمە کردووە و زۆری لەسەر خوێندۆتەوە بەجۆرێك رۆمانەکەی پیاو دەخاتە کەش و هەوای ئەو سەردەمەوە و تەنانەت میسرناسەکانیش پێی سەرسام بوون. دەڵێن والتاری گەرچی زۆر وڵات گەراوە، بەلام بۆ نووسینی رۆمانەکی سەردانی میسری نەکردووە و ویستوویەتی هەر پشت بە خەیال و ئەندێشە و زانیاری خۆی ببەستێ. وەك هەموو رۆمانێکی مێژوویی، بەرهەمەکەی والتاریش باس لە کەش و هەوای سەردەمی ئەخناتوون دەکات، بەڵام نابێ ئەوەمان لەبیر بچێت کە (سینۆهەی میسری) رۆمانە نەك کتێبێکی مێژوویی یا دەقێکی کۆن. واڵتاری پێشتریش شانۆنامەیەکی لەسەر ئەخناتوون نوسیبوو. دوای ئەوەش چەند رۆمانیکی مێژوویی تری نووسی. بەڵام ئەوەی زیاتر بەلای نووسەرەوە گرنگ بوو لەم رۆمانەیدا، خستنەرووی فەلسەفە و دیدی خۆی بوو سەبارەت بە مرۆڤ و ژیان لە دووتوێی سەردەمێکی مێژوویی زۆر کۆندا. والتاری لە ساڵانی جەنگی جیهانیی دووەمدا ئەم رۆمانەی نووسیوە کە جارێکی تریش بۆ مرۆڤایەتی نیشاندا مرۆڤ هەر درندەکەی جارانە و جەنگ و کوشتار و زوڵم پێدەچێ تا ئەبەد دامەنگیری مرۆڤایەتی بن. ئەم رەشبینییە لە سەردەمی پاش جەنگی دووەمدا زۆر باو بوو و پەیامی والتاریش لە دووتوێی ئەم رۆمانەدا بیرهێنانەوەی ئەو راستییە تاڵەی مرۆڤایەتی بوو. هەرئەو بۆچوونە فەلسەفییەش بوو کە ئەم کتێبەی کرد بە پڕفرۆشترین کتیب لە ساڵی ١٩٤٩ دا و ساڵانی دواتریشدا.

## فیلمی کابرای میسری

ساڵی ١٩٥٤ کۆمپانیای فۆکسی سەدەی بیستەم لەسەربنچینەی رۆمانی سینۆهەی میسری فیلمێکی بەرهەم هێنا لە دەرهێنانی مایکڵ کورتیز و نواندنی ئیدمۆند پوردۆن (سینۆهە)، جین سیمۆنس(مێریت)، ڤیکتۆر ماتۆر(هۆرمهێب)، مایکڵ ویلدینگ(ئەخناتون)، پیتەر ئوستینۆڤ(کاپتا) و هتد. چیرۆکی فیلمەکە لەوەوە دەست پێ دەکات کە سینۆهە پیرەمێردێکە لە کەنارەکانی دەریای سوور نەفییە و بەسەرهاتی ژیانی خۆی دەنووسێتەوە. ئەو هەمیشە تەنیا بووە، بەڵام هەست دەکات ژیانیکی درێژ و پڕ ژیاوە. سینۆهە بە منالی لەبەمێکدا لە نیلدا بەرەڵا دەکرێت و کابرایەکی پزیشك دەیدۆزێتەوە و بەخێوی دەکات، کە گەورەش دەبێ حەز دەکا وەك زڕباوکەکەی خزمەتی هەژاران بکات و لەم کارەشدا کاپتای خزمەتکاری و ژنێك بەناوی مێریت هاوکاریی دەکەن و سەرنجام دەبێ بە پزیشکی دەربار.

## میکا واڵتاری

میکا والتاری ١٩٠٨/٩/١٩ – ١٩٧٩/٨/٢٦ لە شاری هێلسنکی لەدایکبووە و لەسەردەمی منالیی ئەودا فنلەندا دووچاری شەڕی ناوخۆبووە. والتاری لەبەر دڵی دایکی دەچێتە زانکۆی هێلسنکی بۆ خوێندنی خوداناسی، بەڵام دواتر وازی لێ دێنێ و رووودەکاتە خوێندنی فەلسەفە و ئەدەبیات و لەساڵی ١٩٢٩دا بڕوانامە وەردەگرێ. والتاری هەرلەکاتی خوێندندا خەریکی نووسین بووە و یەکەم کتێبی لە ١٩٢٥ دا چاپ کردووە. دواتر دەچێتە پاریس و لەوێ یەکەم رۆمانی بەناوبانگی دەنووسێ بەناوی (وەهمی مەزن) کە چیرۆکێکە سەبارەت بە ژیانی بۆهیمی و پاڵەوانەکەی کەسێکی فنلاندابییە لە پاریسی سەدەی شازدەهەمدا. لەساڵەکامی پێش جەنگی دووەمدا والتاری وەك رۆژنامەنووس و رەخنەگر شتی نووسیوەو و گەشتی زۆری بە ئەوروپادا کردووە. لەساڵەکانی جەنگدا لە راگەیاندنی حکومەت کاری کردووە و لەهەمان کاتدا خەریکی نووسینی رۆمانەکانی بووە. لە ساڵی ١٩٤٥ دا (سینۆهەی میسری) نووسیوە کە بەناوبانگترین رۆمانی بووە. پاش ئەوە حەوت رۆمانی مێژوویی تری نووسیوە کە بەنێوترینیان بریتییە لە (فریشتە رەشەکە) کە باس لە سەردەمی رووخانی قوستەنتینیە دەکات لە ساڵی ١٤٥٣ دا. والتاری فیلمنامە و کارتۆن و چیرۆکی درێژیشی هەبووە. والتاری لە ساڵی ١٩٥٧ دا بووە بەئەندامی ئەکادیمیای فنلەندایی و لەساڵی ١٩٧٠شدا بڕوانامەی دوکتۆرای فەخریی لە زانکۆی تورکو پێ دراوە.

والتاری کە ناسراوترین نووسەری فنلەندایییە لە دەرەوە، پڕ بەرهەمترین نووسەری فنلەندابیش بووە کە ٢٩ رۆمان و ١٥ چیرۆکی درێژ و شەش کۆمەڵە چیرۆك و دیوانە شیعر و ٢٦ شانۆنامە و سەدان وتاری تری نووسیوە. هەندێ لەو رۆمانانەی کە تەرجەمەی ئینگلیزی کراون ئەمانەن: نامۆیەك هاتە کیڵگەوە، سینۆهەی میسری، سەرکەشی، فریشتەرەشەکە، نهێنیی شانشینەکە، درەختی خەونەکان.

*بۆ ئەم نووسینە سود لە ئینسکلۆپیدیای بەریتانیایی و ویکەپیدیا و ئەمەزۆن و چەند سایتێکی تر وەرگیراوە.

